


### دەستەیەکی یاسایی

# دەستێوەردانی حکومەت، دادگایی سەدام

ڕێکخراوی هیومان رایتس وٚچ بۆ مافی مرۆڤ رۆژی هەینی رایگەیاند، کەدەستتێوەردانی حکومەتی عێراقی لەکاروباری دادگایکردنی سەدام، ئەبێتە هۆی لەدەستدانی سەربەخۆبوونی دادگاو هەرەشە لەنەزاهەتی ئەو دادگاییە دەکات.

بەرپرسان دەڵێن دادگا ڕووبەڕووی تێکچونێکی تەواو بووەتەوە، ئەویش پاش ئەوەی حاکم رزگار محەمەد ئەمین لەپۆستەکەی، بەهۆی دەستتێوەردانی حکومەت و پارتە سیاسیەکانەوە، بەتایبەتی پارتە شیعەکان، ووتەکانی سەرکردەکانی ئیئتلاف هەموو جار بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچوو، کەئەبێت حاکم رزگار توندتر مامەڵە لەگەڵ سەرانی بەعس بکات، حاکم رزگار دەستی لەکار کێشایەوە، ئەم دەستکێشانەوە، وەك سەرەتایەکی مەترسیدار بۆ سەربەخۆنەبوونی دادگا لەلایەن ڕێکخراوی هیومان رایتس وٚچەوە ئاماژەی پێدرا.

هەمان ڕێکخراو ئەوەی راگەیاند کەزۆر بەئاشکرا رەخنە لەحاکم رزگار گیراوە کەزۆر لەگەڵ سەرانی بەعس نەرم بووەو نەیتوانییوە بەشێوەیەکی تەندروست و وەك پێویست دادگاییەکە بەڕێوە بەرێت، ئەگەرچی زۆرێك لەسەرکردەکانی عێراق جەغتیان لەوە کردۆتەوە کەئەم دادگاییە لەژێر فشاری هیچ مەسەلەیەکی سیاسیدا نەبووەو نابێت، بەڵام بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی لەم دواییەدا لەبواری دادگاکردنەدا رووی داوە، ئەم مەسەلەیە بەئاراستەیەکی تر دەبات.

هەروەها بۆ جاری دووەم وەلانانی حاکم هاشمی لەدادگایکردنی سەدام مەسەلەیەکی ترە، لەبەرئەوەی وەك سەرچاوەکانی لیژنەی بنەبڕکردنی بەعس دەڵێن بۆ ئەو کارە شیاو نییە، ئەویش بەتۆمەتی ئەوەی پێشتر ئەندامی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە بووە، لابردنی هاشمی ئەوە ئاشکرا دەکات، کەدادگا بەردەوام دەستی تێوەردانی سیاسی پێوەدیارە، کەناکرێت بەو شێوەیە ئەو هەموو دادوەرە بەو شێوە بگۆڕدرێت، هەروەها ڕێکخراوی هیومان رایتس وٚچ ئاماژەی بەوەدا کەدوورخستنەوەی دادوەرێك بەتۆمەتی بەعسی بوون، سەربەخۆیی دادگا بەرەو رووی پرسیار دەکاتەوە، هۆکارەکەشی ئاشکرایە، کەدادگا پێویستە لەهەموو ئەو پێوانە سیاسیانە بەدوورە، ئەوەی جێگەی سەرنجە دەست لەکار کێشانەوەی حاکم رزگار لەدادگایکردنەکە، هەندێك رووکاری شاراوەی دادگاییەکەی ئاشکرا کرد، وەك ئەوەی هێشتا ئەقڵیەتی ئەم وڵاتە بڕوای بەوە هەیە کەئەبێت توندوتیژی دەتوانێت کاری تەواو بۆ یاسابوونی دادگاکە بکات، هەروەها ئاماژە بەوە دەدات دەست لەکارکێشانەوەی رزگار محەمەد ئەمین و دورخستنەوەی هاشمی مانای وایە دووان لەوپێنج دادوەرەی گوێیان لەشاهیدەکان بووە، کراونەتە دەرەوەی دادگا، ئەمەش وادەکات دادوەرەکانی تر نەتوانن بەشێوەیەکی بێلایەن بڕیارەکانیان دەربکەن و دادگا بەڕێوەبەرن، ئەمەش کار لەنەزاهەتی بەڕێوەچوونی دادگاکە دەکات، ئەمانە بەرو ئەو ئاراستەیە ئەمانبات، کەبیرکردنەوەی نەرم و نیان لەم شوێنانەدا ئەستەمە بتوانێت بوونێکی پۆزەتیف بۆخۆی مسگەر بکات.

ئایا ئەو شێوازەی حاکم رەئوف لەدادگایکردنەکەی سەرانی بەعسدا گرتیە بەر دەبێتە جێگەی سەرنجی هەمووان بەتایبەتی پارتە سیاسیەکان

# ئیئتیلافی شیعە داوای لەسێدارەدانی سەدام دەکات لەزووترین کات دا

### دەستەی ریشەکێشکردنی بەعس گومانیان لەشەرعیەتی دادگاکردنەکەی سەدام هەیە بەسەرۆکایەتی هاشمی



لیژنەی باڵای ریشەکێشکردنی بەعس پێی وایە دادگایکردنی صەدام و حەوت لەهاوکارانی شەرعیەتی خۆی لەدەست دەدات ئەگەر بێتو سەعید هاسشمی بەڕێوەی بەرێت، کەوەك بەدیلی رزگار محمەد ئەمین دانراوە، هەروەها ئیئتلافی شیعی جەغتی لەوە کردەوە کەکوتلەکەی ئەوان هیچ فشارێکیان نەخستووەتە سەر رزگار بۆ ئەوەی دەست لەکار بکێشێتەوە، بەڵکو ئەمان رەخنەیان لەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی دادگاییەکە هەبوو، کەئەمان داوا دەکەن بەزووترین کات سەدام و داروەستەکەی لەسێدارە بدرێن، هەروەها علی فەیسەڵ بەڕێوەبەری جێبەجێکردنی دەستەکە ئەوەی راگەیاند، کەئەگەر سەعید الهاشمی پۆستی سەرۆکی دادگایکردنە وەربگرێت، ئەوا دەبێتە سەرپێچیەکی یاسایی، ئەویش بەپێی ماددەی ٣٣ لەدادگایکردنی ناوبراو، کەئەنجومەنی نیشتمانی رەزامەندی لەسەر دەربڕیوە، ئەوان سەبارەت بەرزگار رایان وابوو (( ئەو دادوەرە زۆر سەربەخۆیانە کاری دەکرد، ئێمە لەدەستەی باڵای ریشەکێشکردنی بەعس پێمان وایە کارەکەی زۆر تەندروست بووە، بەڵام دانانی دادوەرێکی تر لەجێگەی رزگار، کەریشەکێشکردنی بەعس دەیگرێتەوە کار لەمیسداقیەتی دادگاییەکە دەکات.

هەروەها بەرپرسێکی ئیئتلافی عێراقی ئەوەی راگەیاند ئێمە بەرزگار محەمەد ئەمینمان نەوتووە دەست لەو کارە بکێشێتەوە، بەڵکو وتوومانە شێوەی دادگاییەکەی بگۆڕێت، لەبەرەئەوەی دادگاییەکە ئەوەندەی نیشاندانی هێزی بازووی تاوانبارەکان بووە، ئەوەندە تاوانبارکردنیان نەبووە، هەروەها ئاماژەی بەوە دا ئەوان لەئیئتلاف بڕوایان وایە مانەوەی سەدام و هاوکارەکانیان بەم شێوەیەی ئێستا یارمەتی گروپە چەکدارەکان دەدات و دەبێتە پاڵپشتێکی گەورەی ئەوان.

هەروەها ئیئتلاف ئەوەی دەوێت بەزوترین کات دادگایی کۆتایی بێت و سەدام و هاوکارەکانی لەسێدارە بدرێن.

هەروەها ئەو دانوسانەی لەنێوان تاڵەبانی و ئیئتلافدا کرا بۆ ئەوەی دادگاییەکە بۆ هەرێمی کوردستان بگوازنەوە، شکستی هێنا، لەبەرئەوەی ئیئتلاف بەم داوایە رازی نەبوو، هەندێك سەرچاوە لەشاری سلێمانی ئەو پێشنیارەی تاڵەبانیان ئاشکرا کرد، کەهەوڵی داوە دادگاییەکە بۆ هەرێمی کوردستان بگوازێتەوە، ئەم کارەی تاڵەبانی لەوەوە هات کەهەندێك ناوەندی نێودەوڵەتی و ئەمەریکیەکان پێیان باشە دادگاییەکە بۆ دەرەوەی عێراق بگوازرێتەوە، ئاماژەش بەوە درا کەتاڵەبانی لەگەڵ ئەمەریکی و زۆرێك لەهێزە سیاسیەکانی عێراق قسەی کردووە، کەئەم دادگایکردنە بۆ هەرێمی کوردستان بگوازنەوە و ئەوان رازی بوون بەم پێشنیارە.

زۆرێك لەلایەنەکانی ناو ئیئتلاف پێیان باشە بەکۆتایی ئەم ساڵ ئەم دادگاییە تەواو بێت، هەروەها ئەوەشیان راگەیاند لەو کاتەی حکومەتی هەمیشەیی دەگرنە دەست لەو ماوە زەمەنیەدا ئەو مەسەلەیە چارەسەر دەکەن

وەزیری دادی عێراقی ئەوەی راگەیاند کەبەزووترین کات کێشەی دوجەیل یەکلایی دەکرێتەوەو دەچنە سەر کێشە گرنگەکانی وەك هەڵەبجەو ئەنفال و کارەساتی باشوری عێراق لەساڵی ١٩٩١دا، هەروەها ئەوەشی راگەیاند ناتوانن سەقفێکی زەمەنی دیاری بکەن بۆ تەواو بوونی دادگاو دەرکردنی حوکم بەسەر هەموو تاونباردا

# چاککردنی چوار ئۆتۆمبێل لە وەزارەتی ناوخۆ یەك ملیۆن دۆلاری تێدەچێت

ژرۆژنامە بەغداد

پاش ئەوەی چوار ئۆتۆمبێل لەوەزارەتی ناوخۆی عێراقی هەڵدەوەشێنرنەوە، ئێستا بەبڕی یەك ملیۆن دۆلار چاك دەکرێنەوە. دوابەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و گەڕانەوە و دروست کردنەوەی حزبە عێراقیەکان و بزوتنەوی وفاقی عێراقی کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی ئەکات، دەستی گرت بەسەر چوار ئۆتۆمبێلی تایبەتی (عودەی )کوری سەدام حوسێن لە جۆرە کانی (رۆزرایز ٢دانە ،فیراری،دۆلفین) لەگەڵ گرتنە دەستی حوکم لە لایەن عەللاویەوە هەر چوار ئۆتۆمبێلەکە دران بە وەزارەتی ناوخۆ. رۆژی ٢٠٠٦/١/٣ وەزارەتی ناوبراو بۆ چاککردنەوەی ئەو چوار ئۆتۆمبێلە لیستێکی خەرجی ئامادەکردوە کە بریتیە لە بری یەك ملیۆن دۆلار، لەو بارەیەوە سەرچاوەیەکی نزیك لە بارەگای بزوتنەوەی ویفاق پێی راگەیاندین کە ئەو بزوتنەوەیە داوای ئۆتۆمبێلەکانی کردۆتەوە لە ناوخۆ،بەڵام لەماوەی رابردوودا هەرچی لەو ئۆتۆمبێلانەدا ئاسان بوە دەرهێنراون و ئێستا یەك ملیۆن دۆلاریان تێدەچێت چاکبکرێنەوە.

# سەدام حوسێن لەدادگا دەکرێتە دەرەوە

ئاژانسەکان


لە یەکەمین دانیشتنی داگایی کردنی سەدام حوسێن و سەرانی بەعس بە سەرۆکایەتی دادوەر(رەئووف رەشیدعەبدولرەحمان) بەهۆی زیادەرۆییی دەکرێتە دەرەوەی دادگا. دوێنێ ٢٠٠٦/١/٢٩ خولێکی تری دادگایی کردنی سەدام حوسێن و هاوەڵەکانی لەدادگای تایبەت بەسەرۆکایەتی دادوەرێکی تری کوردی خەڵکی هەڵەبجە بەرێوە چوو،لەو دانیشتنە دادگاییەدا کە تایبەت بوو بە مەسەلەی دوجەیل سەدام وەك جاران دەیەوێت بەئارەزوی خۆی قسە بکات و لە هەموو بابەتەکان دوانی هەبێت،بەڵام دادوەری ئەم جارە کە شوێنی دادوەر رزگاری گرتۆتەوە رێگەنادات جگە لە داکۆکی کردن سەدام لە هیچ بابەتێکی تر قسە بکات تا گەیشتە رادەی دەرکردنی سەدام لە هۆڵی دادگا.

هەروەها لەسەرەتای دادگایی کردنە بەرزان تکریتی برای سەدام باسی لەحاڵەتی تەندروستی خۆی کرد، هەرچەندە دادوەر بەڵێنی چاککردنی دۆخی تەندروستیدا، بەڵام بەهۆی پابەندنەبونی بەرزانەوە بەرێنماییەکانی دادوەرەوە دادگا بریاری دەرکردنیدا بۆ دەرەوەی دادگا.بەرزان دادگاکە بە دادگایەکی شەرعی نازانێت بۆیە دادوەر بەتوندی بەرپەرچی دایەوە. دادوەری ئەم جارەی دادگایی کردنە بە جیاواز لە جارەکانی پێشوو بە تاوانبارانی راگەیاند کە دادگا شوێنی وتاری سیاسی نیە و رێگەنادرێت وتار بخوێننەوە.

تەنها بۆتان هەیە داکۆکی لە خۆتان بکەن.لەکاتی کشانەوەیدا سەدام بەدادوەری وت: من ٣٥ ساڵ مافم داوە بەئێوە، بەڵام تۆ فەرمانی دەرکردنی من دەدەیت. دوابەداوی ئەویش دادوەر عەواد بەندەری سەرۆکی دادگای بەناو شۆڕشی سەردەمی بەعسی لەهۆڵی دادگا کردە دەرەوەو دوای ئەویش تەها یاسین رەمەزان چۆیە دەرەوە.

### هیچ کاتێك بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق دیاری نەکراوە

# کێشەی کەرکوکیش هەر بەهەڵپەسراوی ماوەتەوە



تاکو ئێستا دانوسان لەسەر پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق هەر بەردەوامە، ئەویش پاش تێپەڕبوونی زیاتر لەهەفتەیەك بەسەر راگەیاندنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردندا، تاکو ئێستا کوتلە براوەکان لەگرەوی پێکهێنانی حکومەتدان، لیستی ئیئتلاف وابەستەبوونی بەهاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا دووبارە کردەوە، بەڵام زانیارییەکان ئاماژە بەبوونی هەندێك ناکۆکی لەنێوانیاندا دەدەن، لەوانە ئەو مەرجەی کوردەکان بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوکەوە هەیە، کەبەر لەدرووستکردنی حکومەت ئەبێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، کەئەمەش بەشێکە لەو داوکارییانەی کەناتوانرێت جیابکرێتەوە، هەروەها هەرسێ گروپی کۆبوونەوەی دیموکراتییە سەربەخۆکان و لیستی نیشتمانی و بەرەی تەوافق بڕیاریان داوە پێکەوە هەوڵی دروستکردنی حکومەت دەدەن، کەئەم سێ لیستە پێکەوە خاوەنی هەشتا کورسی پەرلەمانن، کەئەمان پێیان وایە ئەبێت پێکهێنانی حکومەت لەپێداویستی نیشتمانی بێت نەك پێداویستی هەڵبژاردن، هەروەها بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ کوردەکاندا بەنیارزن مەسعود بەرزانی سەرۆکی هەرێم بگاتە بەغداد بۆ دەستپێکردنی دانووسان لەسەر ئەم مەسەلەیە.

هەروەها عەدنان پاچەچی ئاماژەی بەوەدا ئەگەر لەحکومەتی داهاتوودا بەشداری نەکەن، ئەوا لەناو پەرلەمان ئەندامیان هەیەو چاودێری کاری حکومەت دەکەن، هەر هەڵەیەك روو بدات ئێمە ئاشکرای دەکەین، هەروەها پاچەچی ئاماژەی بەوەدا کەئەوان نایەنەوێت لەعێراق حکومەتێکی ئایینی دامەزرێت وەك ئەوەی لەئەفغانستان روویدا، یان وەك ئەوەی ئێستا لەئێران هەیە، لەبەرئەوەی عێراقیەکان دەمارگیری ئایینیان نییە.

هەروەها بێئومێدی خۆی لەدەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەربڕی، کەئەو پێی وایە خەڵکی عێراق بەپێی وابەستەبوونی مەزهەبی و ئایینیەوە دەنگیان داوە، نەك مەسەلەکانی تری وەك دڵسۆزی و نیشتمانی و باوەڕی سیاسی.

بەپێی وتە بێژی ئیئتلاف، ئەوان لەگەڵ ئەو لیستەدا دانووسان ناکەن، کەلەبەرامەبەر دەرەئەنجامەکانی هەڵبژاردن نارەزایەتیان دەربڕیووە، بەتایبەتی لیستی عێراقیەو بەرەی تەوافقی سونی مەزهەب.

هەروەها ئەوەی هاوپەیمانی ئەو سێ لیستەی خاوەنی ٨٨ کورسیە، دەتوانن مەلەفی ئەمنی عێراق لەڕێگەی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ بەرگرییەوە ، کەوەزارەتی بەرگری وابەڵێنە بدرێتە حاچم حوسەینی پاڵێوراوی لیستی سونە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com